عەبدوڵڵا سەمەدی

## تەڤینەوەیەك لە بێدەنگیدا

لەم دەشتە بێدەنگەدا، نە چڵەگیایەك، نە گاشە بەردێك. و لەم ئاسمانە مردووەدا، نە پەڵەهەورێك، نە پەلەوەرێك. وا ڕوو بە یەك وێستاون و لە یەكتر ڕاماون.

لێرەوە تا چاو بڕدەكا لە یەك دوور و، لەو سەریش جەمسەریان لە یەك دڕواوە. لەم بەینەدا منی تاق وتەنیا بە دووی چیدا وێڵم؟ لەم بۆتە بچكۆلەیەدا، لە وسكوتی ئێوار و لە تاریكیی خەستی شەوانی بێئەستێرەدا، ئەم كێوە ئاگر پژێنە وا بە نهێنی لە چوار دیواری جەستەیەكی تەنگەبەردا، بە هەودای سیمی چاوانی كێ وا دەتەقێ و تەرزەی پشكۆ بە سەر ئەم دەشتە بێگیانەدا دەبارێنێ؟

ئەی كوا زرمەی تەقڵەكوتی ئەو شاسوارە، كە خەوی شەوانی پاییزی زڕاندبووم و لە سەر تارمایی پەردەی خەونەكانمدا تریقەی قاقای دەنگی دەدایەوە؟!

ئێستا ئەوە بێدەنگییە و شەپۆل دەدا، و شەپۆلە خەون بە دەریاوە دەبینێ! خەونیشە دەستەوئەژنۆ چاوەڕوانی چاوانێكە بۆ چركەساتێ بێتە لانكەی كۆرپەی خەو و خەونەكانی وەدیبێنێ.

S_abdullahsamadi@yahoo.com